ئەو شتەی) ئاژەڵ (زیانی پێبگەیەنێت) بەهەدەرچووە، (وئەوەی) بەهۆی) بیرەوە (زیانی پێبگات) بەهەردەچووە، ولە گەنجینە وکانزای دەرهاتوو لە ژێر زەوییەوە یەک لەسەر پێنج (واجبە بدرێت بە خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی فەرمانڕەوای مسوڵمان-)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «(ئەو شتەی) ئاژەڵ (زیانی پێبگەیەنێت) بەهەدەرچووە، (وئەوەی بەهۆی) بیرەوە (زیانی پێبگات) بەهەردەچووە، ولە گەنجینە وکانزای دەرهاتوو لە ژێر زەوییەوە یەک لەسەر پێنج (واجبە بدرێت بە خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی فەرمانڕەوای مسوڵمان-)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی حوکمی بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر ئەو شتانەی بەهەدەرچووە یان زیان وکەموکورتی بەرکەوتووە بەهۆی ئاژەڵ یان بەهۆی بیرەوە یان بەهۆی کانزاکانەوە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە: ئەگەر هەرکەسێک زیانی بەربکەوێت بەهۆی ئاژەڵ ئەوا هیچ کەسێک لێی بەرپرسیار نییە ونابێت نرخی ئەو زیانەی بۆ بداتەوە ئەگەر خاوەنەکەی کەمتەرخەم نەبووبێت لە چاودێری کردنی ئاژەڵەکەی، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێک بکەوێتە ناو بیرێکەوە یان بەهۆی بیر وسەرچاوەیەکی ئاو زیانی بەربکەوێت وتیا بچێت؛ ئەوا خاوەنی ئەو بیرە بەرپرسیار نییە، چونکە ئاژەڵ وبیر وسەرچاوەی ئاو ناکرێت زەمانەت بکرێت بۆ دانەوەی نرخەکەی وپارە بەو کەسەی زیانی بەرکەوتووە بەهۆیانەوە وبەهەمان شێوە خاوەنی ئەم شتانەش بەرپرسیار نین ئەگەر کەمتەرخەم نەبوو بێت لە چاودێری کردنیان، وپاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە کرد هەرکەسێک کە خەزێنە وکانزای بەنرخی دۆزیەوە زۆر یان کەم بێت ئەوا دەبێت یەک لەسەر پێنجی ببەخشێت بە (خانووی سامانی مسوڵمانان -بە حکومەتی فەرمانڕەوای مسوڵمان-)؛ چونکە بەدەستیهێناوە بە بێ ماندوو بوونێکی زۆر، وئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خۆی دەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4533